# له بارەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە

نالی عەبدوڵلا خدر

**ڕەخنە**

ئەگـەر باسی ڕەخنە بکەین بێ گـومـان دەبێ باسی مـێژووی ئەدەب بکەین، چونکە سـەرەتاکـانی ڕەخنە بە هاتنەکایەی یەکەمین دەقی ئەدەبییەوە پەیوەستە.

ڕەخنەی سـەرەتایی لە هەست و سۆزی مـرۆڤەوە دوور نەبووە، بە ڕووداو و کـارەسـات و کـایە خـۆش و ناخۆشـەکـانی ئەو کـاتەوە پەیوەست بووە، ئەمـەش وای کـردووە ڕەخنە لەو بابەتانە بگـیرێ و نووسـەر بیـر و بۆچوونی دەربڕیوە. دەکرێ بڵێین ڕەخنە لەپاڵ توێژینەوەی ئەدەبی بە داهێنانی دووەم ناو دەبرێ، ئەمـیش دوای (دەقی یەکەم) لە کات و شوێنی دیارکراودا، ئەمەش زۆر بە ئاسانی لەناو تیـوری ئەدەبدا جێی دەبێـتەوە (هەمـوو چالاکـیـەکی ڕۆشنبـیری بە سـەردەمـە کـۆمـەڵایەتی و شارستانیەکەیەوە پەیوەستە، گشت چالاکییەک لە تیوری ئەدەبدا بەهەمان شێوە بە باری مـێژوویی و ئەدەبییـەوە پەیوەسـتە، کـە لەوە دەست هێنانی بیـر و ڕاکان) پشـتی پێ بەستراوە.(١)

وشـەی ڕەخنە لە (kritike) گـریکی هاتووە، بەمـانای (شـیکردنەوە، هەڵسگاندن) هاتووە.(٢) بە ئاسـانی ڕەخنە پێناسـە ناکـرێ، چونکە ڕەخنە لە چوارچێـوەی زانستێکی سەربەخۆدا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، زۆر کەس هەوڵیـان داوە پێناسەیەک بۆ ڕەخنە دابنێن، بەڵام ڕەخنە قـبـووڵـی نەبووە بەوەی لەسـەنگی کـەم بکرێـتـەوە و نەتوانراوە چوارچێـوەی بۆ دابنرێ و هەر بە فـراوانی ماوەتەوە.

لەپاڵ ئەوەشـدا هەندێ لە نووسـەران و شـاعـیـران و ڕەخنەگرانی جیـهـانی توانیـویانە بە ڕادەیەک لە ڕەخنە نزیک ببنەوە بەوەی بڵێین تەواو پێناسەی ڕەخنە کراوە.

کـتێبی (فـرهنگ توصیـفی و إصطلاحـات أدبی) بەم شێوەیە باسی ڕەخنە دەکات: (ڕەخنە، یان وردتر ڕەخنەی ئەدەبی، زاراوەیەکە بۆ ئەو لێکۆڵینەوانەی کە بابەتەکەیان پێناسە، پلەبەندی، شیکردنەوە، ڕاڤە و هەڵسـەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبییە).(٣) ڕاستەوخۆ ڕەخنە بۆ لێکۆڵینەوە داڕێژراوە بەوەی بابـەتەکـان چ پێناسـە و پلەبەندی و شـرۆڤـەکـردنی هەر دەق و ڕاڤـە و هەمـوو جـۆرە هەڵسـەنگاندنێک لەخۆ دەگرن، بەڵام بۆ ئەو پێناسـەیە دەتوانین بڵـێین زیاتر ئەرکی ڕەخنەی پیـشـان داوە، ئەو ئەرکـەش لە چوارچێوەی مـامـەڵەکـردنە لەگـەڵ بەرهەمـە ئەدەبییەکاندا.

بۆ باسی ڕەخنە شاعـیر و ڕەخنەگری ئینگلیزی ماثیـۆ ئارنۆڵد ١٨٢٢-١٨٨٨ (Matthew Arnold) دەڵێ: (ڕەخنەی ئەدەبی هەوڵ و کۆششێکە بەدوور لەهەر ئامانج و بەرژەوەندییـەک، تا باشـتـرین شـتـێک کـە لە گـێـتی زانراوە و بە مـێـشکی مـرۆڤدا هاتووە، بناسرێ و پەرەی



**عەبدوڵلا پەشێو**

پێ بدرێ).(٤)

دیارە شاعیری ئینگلیز دێ باسی ڕەخنە دەکات، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ڕەخنە لەسەردەمی ئەودا ڕێگا دروستەکەی خۆی دۆزیوەتەوە بەوەی تەنیا ئامانج و بەرژەوەندی ڕەخنە ئەوەیە بەرهەمە ئەدەبییەکە بناسرێ و بەرەو پێش ببرێ و زیاتر پەرەی پێ بدرێ.

هەروەک دەشزانین دوو جۆر ڕەخنە هەیە، یەکەم لەسەر ڕێگا دروست و چاکەکەیە، هەم نووسەری یەکەم و هەم کۆمەڵگاکەش سوودی لێ دەبینێت، ئەوەی دووەم زیاتر بۆ ناو زڕاندن و شکان و لە بەها کەمکردنەوەی بەرهەمەکەیە، دواتر ئەم شێوە ڕەخنەیە بۆ ئەدەب و کۆمەڵگا بەگشتی سوودی نابێ.

### ڕەخنەی کۆمەڵایەتی

یەکێکە لە ڕێبازە ڕەخنەییەکان و کۆمەڵگا بە ئەدەبەوە دەبەستێتەوە، هەم ئەدەبیش بەکۆمەڵگا، بەواتایەکی تر لایەنگرانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی مەبەستیانە هەموو دەق و بابەتێکی ئەدەبی بەکۆمەڵگاوە پەیوەست بکەن. (ئەوانەی لە ئەدەب لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە دەکۆڵنەوە، تەنیا باسی ڕەنگدانەوە لە ناو کۆمەڵگا ناکەن، بەڵکو لە ژینگەی نووسەر دەکۆڵنەوە، تا ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی لە ژینگەی نووسەرەکەدا هەیە کاریگەرییان لەسەر ئەدەبەکەی دیاری بکەن، هەروەها دەیانەوێت بزانن کە ئەدیبەکە سەر بە چ چینێکی کۆمەڵایەتییە لە چ بارودۆخێکی ئابووریدا ژیاوە، تا چەند وەڵامی داواکارییەکانی چینەکانی خۆی داوەتەوە، دواتر لە ئەدەبەکەشیدا ڕەنگی داوەتەوە).(٥)

بەو شێوەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی تەنیا یەک ئاراستەی نییە، لە کۆمەڵێک لایەن دەکۆڵێتەوە، لەوانەش ژیانی نووسەرەکە و ئاستی کۆمەڵایەتی و باری ئابووری دواتر ئاستی کۆمەڵگاکە، باری سۆسیۆلۆجیای نووسەر و کۆمەڵگا. نووسەر یەکێکە لە ئەندامانی کۆمەڵگای خۆی و لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فیکرییەوە لە کۆمەڵگاکەی دوور نییە، بۆیە دەبێت بۆ ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ئاوڕ لەم بابەتانە بدرێتەوە. (کاتێک نووسەر بەکۆمەڵگاوە کاریگەر دەبێت شتێکی ئاساییە بەرهەمەکەشی بە کۆمەڵگاوە پەیوەست بێ، چونکە دواتر وێنای ئەو بابەتانە دەکێشێ کە لە واقیعی کۆمەڵایەتییەوە دەیبینێ و هەستی پێ دەکات، لەبەر ئەوەی ئەدەب بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە، ئەدیبیش لە دایکبووی ژینگەیەکە کە لە باوەشیدا گەشەی کردووە).(٦)

لە ڕوویەکی دیکەوە ئەدیب (نووسەر) ناتوانێ بابەتەکانی تژی بن لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە واتا نووسەر لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەر لەژێر کاریگەریی ئەو کەشەدایە کە دەوری تەنیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنە لەو ڕێبازە دەگیرێ (شاعیر و نووسەر باری ماددی و کۆمەڵایەتی خۆی پشتگوێ دەخات و بە پێچەوانەی چێژ و خواستی کۆمەڵ دەردی دڵ دەردەبڕێ).(٧)

واتە نووسەر، یان شاعیر لە خەمی کۆمەڵگاکەی خۆیدایە و خەمی خۆی لەبیرکردووە، هەر ئەمەشە وا دەکات پێیان بوترێ (هونەر لە پێناو کۆمەڵگادا)، ئەو بیرە چەوت و دیاردە ناشرینانە باس دەکات و پێش چاو دەخات، دواتر هەوڵ و کۆشش بۆ گۆڕینی دەدات، بەڵام ئەگەر ئێمە بێین و لە ڕوانگەیەکی ترەوە تەماشای ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بکەین ئەوەمان دێتە بەرچاو کە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی (لە دیدێکی کۆمەڵایەتییەوە لە ئەدەب دەکۆڵێتەوە و بە پێی هەر سێ بنەماکەی ئەدەب کە بریتین لە نووسەر لە ڕووی پیشە و سیما کەسایەتییەکەی، دەقی ئەدەب لەڕووی ئەو بابەتانەی کە وەک چارەسەر دەیخاتە ڕوو، کۆمەڵگاش لەڕووی چۆنیەتی وەرگرتنی بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە).(٨)

ڕەخنەی کۆمەڵایەتی تەواو کارەکەی خۆی دەکات، ئەویش بەلێک نزیک کردنەوەی هەر سێ لایەنە سەرەکییەکانی ئەدەب (نووسەر، دەق، خوێنەر)، ئەمە وا دەکات تێگەشتنێکی دروست لە نێوانیاندا دروست بێ بەوەی نووسەر لە واقیعی کۆمەڵگاکەی خۆی نووسین ئاراستە دەکات (دەق) لە بەرانبەر خوێنەر دەبێتە ئاراستە کراو، یان (وەرگر) بەم شێوەیە ئەدەب لە ناو کۆمەڵگادا کاری خۆی دەکات.

لێرە پرسیارێکی باو دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە ئامانجی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی چییە؟ لە بەرانبەردا کلۆد دۆشیە (Claude Duchet – ١٩٢٥) دەڵێ: (ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ئامانجی خودی دەقە ئەدەبییەکەیە، ئەو دەروازەیەیە کە ڕەخنە دەتوانێت لە ڕێگایەوە مۆرکە کۆمەڵایەتییەکەی دەق پیشان بدات).(٩)ڕاستی واقیعی کۆمەڵگا دەگوێزێتەوە نێو دەقە ئەدەبییەکان، ئەوانیش باری ئابووری و کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی سەر کۆمەڵگا، تەنانەت لایەنی ڕۆشنبیری و مێژوویی و دەروونی کۆمەڵگا وشە بە وشە دەچێتە نێو بەرهەمە ئەدەبییەکان.

دەکرێ بپرسین ڕەخنەی کۆمەڵایەتی چ داوایەک لە نووسەر، یان شاعیر دەکات؟ (ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی داوا لە ئەدیب دەکات کە سەردەمیانە گوزارشت لە دۆخی کۆمەڵگاکەی بکات، ببێتە نوێنەری سەردەم و کۆمەڵگاکەی).(١٠) ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لەو پێناوەدا کاردەکات بە نووسەر، یان شاعیر بڵێت دەق دەبێت لە ئاست پێویستییەکانی کۆمەڵگاکەی خۆی بێت، ئێوە سەرمەشق و پێشڕەوی بیری نوێ و کرداری چاک و وتەی باش بن بۆ کۆمەڵگەکەتان.

دەبێ نووسینەکان لە ئاست هۆشیاری کۆمەڵگا بێ و ببێتە هەوێنی داهێنان و پێگەیاندنی بیرۆکە ئیستێتیکاییەکانی ژیان، بەوەی بەردەوام جوانەکان جوانتر بن تا دەگاتە کۆمەڵگایەکی نموونەیی. ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ئەو کاتە جوانتر دەردەکەوێ، کە تەواوی کێشە و ململانێکان لەخۆ بگرێت، لەو ڕۆژگارەی تێیدایە ببێتە نموونەیەکی جوان و پێشەنگ ئاسا بەرەو چارەسەری کێشەکان پەل بهاوێژێت و بەگیانێکی سەردەمیانە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی ئەو ڕۆژە بداتەوە. (ئەگەر کاری ڕەخنە و لێکۆڵینەوە ڕوویان لە مێژووی کۆن کرد ئەوە دەبنە بابەتی مێژوویی، بەڵام ئەگەر ڕوویان لە سەردەمی نوێ کرد ئەو کات دەتوانین بە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ناوی ببەین).(١١)

لەڕووی بابەتییەوە هەر کارێکی ڕەخنەیی، یان توێژینەوەیەک تەنیا باسی بابەتە مێژووییەکان نەکات ئەوە دێتە ناو قالبی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەگەر ئاراستەی نووسینەکە لە مێژووی کۆن بوو ئەوە بابەتەکە دەبێتە ڕەخنەی مێژوویی، ئەگەر باسی کۆمەڵگای سەردەمەکانی پێشووش بکات، چونکە ڕەخنەی مێژوویی دەبێت هەنووکەیی پێوە دیاربێت، یان بۆ چاک کردن و باشترکردنی شتێک بێت، کە لایەنی دووەم (نووسەر، کۆمەڵگا) هەستیان پێ نەکردبێ و لە ئایندەدا بتوانن کاری لەسەر بکەن و هەنگاوی بۆ بهاوێژن. ئەم شێوە ڕەخنە ئاراستەکردنە پرۆسەیەکی بەردەوامە، هەمدیس چ نووسەر، یان کۆمەڵگا بە بەردەوامی پێویستیان بە دووبارە بوونەوە و نوێ بوونەوە هەیە، تا ئەو کاتەی نووسەر بنووسێ و کۆمەڵگاکەش پێی بوترێ کۆمەڵگای زیندوو.

## ڕەخنە و داهێنان

ڕەخنە و داهێنان دوو شتی لێک نزیکن، زۆر جار تێکەڵ بەیەک دەبن. دەتوانین بڵێین ڕەخنە سنووری داهێنان لە دەقدا دیاری دەکات، واتە جوانی و ناوازەیی دەق پیشان دەدات و دەیناسێنێ. (جوانی دەق بەوە دیاری دەکرێت ئاخۆ تا چ ڕادەیەک ئەو بابەتە هونەرییە، یان ئەدەبییە کار دەکاتە سەر عەقڵ و ویژدان بەهۆی هەستیارە باڵاکانی سەر مرۆڤ)،(١٢) واتە پێوەری ناسینەوەی جوانی دەق ئەوەیە ئاخۆ بزانرێ چۆن کار دەکاتە سەر بیر و بۆچوون و ویژدانی کۆمەڵگا. ئەو نووسینەی لە پلەی باڵادایە کارلێک لەگەڵ کۆمەڵگاکەی دەکات و ئەنجامیش بە باشی و بیردروستی کۆمەڵگا دەبێت. دەتوانین بۆ هەر دەقێک بڵێین (جوانی ئەدگارێک نییە لە خودی شتەکاندا، بەڵکو تەنیا لە بیر و زەینی ئەو کەسەدایە تێی ڕادەمێنێ)،(١٣) بۆیە دەڵێین جوانی دەق ڕووکەشی نییە، بەڵکو لە ناوەڕۆک و زەینی ئەو کەسەدایە کە دەیخوێنێتەوە.

ئەرکی ڕەخنەش هەمان ئەو کارەیە دۆزینەوە و پیشاندانی دەقەکان و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی. بۆ ئامانجی ڕەخنەگریش دەڵێین: (ئامانجی ڕەخنەگر ئەوە نییە کە شتێکی نوێ بهێنێتەدی، بەڵکو دەیەوێت شتێک ڕاڤە بکات).(١٤) لێرە دەڵێین کاری ڕەخنەگر لەگەڵ دەقی یەکەمە کە داهێنانەکەیە، بەڵام ئەو دێت

ڕاڤەی دەکات، بەڵام ڕاڤەیەکی نوێ و پوخت و پڕ بە بەری دەقە داهێنراوەکە. جاری وا هەیە ڕەخنەگر ڕەخنە لە نووسینێک دەگرێت جوانتری دەکات، یان لە شیعر بەوەی کەموکوڕییە هەست پێ نەکراوەکانی لای شاعیر باس دەکات، ئەوەش دواتر بەباشە بۆ شیعرەکە خۆی نیشان دەدات.

دەبێ ڕەخنەگر کەسێکی بە ئەزموونی جوانی دیدەبێ (هەرچەندە هەبوونی ئەزموونی ئەفراندنی ئەدەبی بۆ لێکۆڵەر بەسوودە، بەڵام کارەکەی ئەو تەواو جیاوازە ئەگەر بیەوێ کارەکەی ئەو لە قەڵەمڕەوی زانستدا بێ، دەبێ ئەزموونی ئەدەبی خۆی بەزمانێکی لۆژیکی دەربڕێت و فۆرمێکی پتەو و ڕێکوپێکی بداتێ)،(١٥) واتە دەبێت لێکۆڵەر پێوەندییەکی پتەو لە نێوان ئەزموونی خۆی و جوانی دەق و دەربڕینێکی لۆژیکی بەهێزدا دروست بکات، ناکرێ لێکۆڵینەوەکەی لە ئاستی وتارێکی سادە بێت، دەبێت سنووری لێکۆڵینەوەکە ئاستی باڵا ببڕێت و ئەزموونی گەورەو ئەفراندن بە سیمای دیار بێت. بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی ئێمە باسی دەکەین دەچێتە قاڵبی هونەر (ئامانجی هونەر هەمان ئامانجی ئاکارە، واتە یەکسانی لە نێوان کاری باش و دەقی جواندا).(١٦) لەنێوان هونەر و ئاکاردا هەست بە تەنیا ئامانجێک دەکرێت ئەویش ئەو یەکسانییەی لە نێوان دەقی جوان و کاری باشدایە دەکرێ ئێمە پێوەندییەک لە نێوان دەقی جوان و کاری باشدا دابنێین ئەویش نووسەر دەقێکی جوان دەخوڵقێنێ و لێکۆڵەر دێ بەشێوەیەکی چاک و سەرکەوتوو ڕاڤەی دەکات، بەمەش دەبێتە کارێکی باش لەسەر دەقێکی جوان.

کاری داهێنان ئەوکاتە جێی خۆی دەگرێت ئەگەر فەرامۆش نەکرێ، سارتر (Jean Paul Sarter -1905-1980) دەڵێ: (کاری داهێنانی هونەری تەواو نابێت تەنیا لە ڕێگای خوێندنەوەوە نەبێت)(١٧)، چونکە ئەگەر هەر داهێنانێکی هونەری نەخوێنرایەوە و نەبێتە باسی نووسەر و لێکۆڵەران ئەوە هیچ بەهایەکی نامێنێ و بە دەقێکی مردوو دەژمێردرێ و وەک ئەوە وایە هەر نەنووسرابێ. ڕاو سەرنجێکی زۆر لەسەر خودی ئەدەبیات هەیە، بەڵام بەم شێوەیە باسی کراوە (لەسەرتادا دەبێ بڵێین ئەدەبیات بەرهەمێکی هونەری داهێنراوە، بەرهەمێک کە هونەرمەند دایدەهێنێ).(١٨)

کە باسی ئەدەبیات دەکرێ ئەدەبیاتیش خۆی بەرهەمێکی هونەری داهێنراوی دەستی هونەرمەندێک، یان شاعیرێک، یان نووسەرێکە، واتە ئەوە هونەرمەند و شاعیر و نووسەران...تاد دەتوانن ئەدەبیاتێکی بەرز دابهێنن، بەو کارانەی لەو ڕۆژگارەدا ئەنجامی دەدەن و پێشکەشی دەکەن. دەکرێ بوترێ ڕەخنەی ئەدەبی: (هەوڵی داوە هاوئاستی ئەو دەقانە بێت کە تخوێنیان دەکەوێت و شیان دەکاتەوە، ڕەخنە دەیەوێت هەم خوێندنەوە بێت، هەم نووسینێکی بەرز).(١٩) هەموو ڕەخنەیەک دەیەوێت خوێندنەوەیەکی واقیعیانە بۆ بابەتەکە بکات و فۆرمێکی پتەو و زمانێکی لۆژیکی و نووسینێکی بەرز بێت، ئەو کاتە ڕەخنە ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات و لە بواری ڕەخنەییدا دەگونجێ ببێتە جۆرێک لە داهێنان. (ڕەخنەی ئەدەبی کارێکی داهێنەرانەیە و هەندێ جار ڕەخنەگری ئەدەبی بەڕادەی خاوەن بەرهەم خاوەنی زەوق و داهێنان بێت).(٢٠)

کاری ڕەخنەی ئەدەبی دەچێتە چوارچێوەی داهێنانەوە، چونکە لێرە ڕەخنەگر وەک نووسەری بابەت خاوەن زەوق و چێژی نووسین و داهێنانە، بۆ نموونە خوێنەر ئەگەر پارچە شیعرێکی کلاسیکی بخوێنێتەوە جوان تێی ناگا، بۆیە بە دوای ڕاڤەیدا دەگەڕێت، لێرەدا چێژ لە ڕاڤەکە وەردەگرێ، جاری وا هەیە تا ڕادەی شیعرەکە ڕاڤەکەی پێ خۆشە.

لێرەدا دەتوانین بڵێین ڕەخنە و داهێنان پێکەوەن و زۆر جار تێکەڵ دەبن، بەڕادەی یەکگرتوویی ئەویش بە ئامادەبوونی دەقی یەکەم، ئەگەر دەقی یەکەم نەبێ ڕەخنەش دروست نابێ و پرۆسەی داهێنان نایەتەکایەوە.

## شاعیر وەک ڕەخنەگر

کاتێک باسی شاعیرێتی و ڕەخنەگری دەکەین، باسی دوو کۆڵەگەی ئەدەب دەکەین، زۆرکەم دەبینرێ ئەو دوو ناوە لە کەسێکدا کۆببێتەوە. ئەرکی شاعیر پیشاندانی جوانییەکانە، بەڵام کاتێک جوانییەکان دەشێوێنرێت ئەوکات لای شاعیر گوڵی شیعر و ڕەخنە چرۆ دەکات.

شاعیر وەک تاکی کۆمەڵگا هەست بە ڕووداوەکان دەکات، جوانتر بابەتەکان وێنا دەکات، ئەوە وا دەکات ئەو پەیامەی هەیەتی بە شیعر بیگەیەنێ، بەم شێوەیە ڕەخنە تێکەڵ بەشیعر دەبێت.

عەلی وەردی دەربارەی شاعیر و نووسەر دەڵێ: (ئەو هەمیشە ڕەخنە لە هەقیقەتێکی کۆمەڵایەتی دەگرێت، کە جێگیر و ڕەهایە و ناهێڵێت کۆمەڵگا لە دۆخی سەقامگیری خۆیدا ڕووە و گۆڕان و پێشکەوتن بجوولێتەوە).(٢١) شاعیر، یان نووسەر دێت ڕەخنە لەو

بابەتانە دەگرێت کە بەشێوەیەک لەناو گۆمەڵگادا خۆیان داسەپاندووە و دەبنە ڕێگر لە پێشکەوتن و بواری گۆڕانکارییان بچووک کردووەتەوە، ئەوانە ئەم بیرە چەوتانەن لە هەموو کۆمەڵگایەکدا هەستی پێ دەکرێ و شاعیر، یان نووسەر دەچێتە بەرەی دژ بەم بۆچوونانە و هەوڵەکان بەردەوام دەبن بۆ ئەوەی کاریگەری ئەم ڕەوتە چەوتە جێگیرە کەم بکەنەوە، یان لە ئایندەدا نەیهێڵن.

بەهێزترین چەکی شاعیر و ڕەخنەگر زمانە، شاعیر ئەگەر بیەوێ گۆڕانێک دروست بکات، دەبێ لە ڕووی زمانەوە پاراو بنووسێت و گرینگی بۆچوونەکانی لەم ڕێگایەوە برەو پێ بدا (هەموو کەس دەتوانێت لە ڕێگەی زمانەوە بەرگری لە باوەڕی خۆی بکات و بەرگری لەو شتە بکات کە پێی وایە هەقیقەتە، هەر لەڕێگەی زمان و توانای قسەکردنیشەوە مرۆڤ دەتوانێت هەقیقەت بخولقێنێت)(٢٢)، واتە ئەوە زمانە وا دەکات شاعیر بیر و بۆچوونی بگەیەنێتە میللەتەکەی و بەرگری لە شتە جوان و پڕ بەهاکانی کۆمەڵگاکەی بکات و لە دروست کردنی هەقیقەت بەشدار بێت.

ئەو دەقەی شاعیر دەینووسێت دیارە ئاسان نایەتە نووسین، چونکە شاعیر بیر و بۆچوونی خۆی و کۆمەڵگاکەی تێکەڵ بەیەک دەکات و کۆمەڵێک شتی شاراوە لەناو دەقەکەدا هەن و هەستیان پێ دەکرێ، یان هەستیان پێ ناکرێ (وا دیارە دەق ڕاز و ڕەمزێکی هەیە)(٢٣). دەقی شیعری جوان پڕیەتی لە ڕاز و نهێنی، وردە ڕەخنەی جوان و کۆد و ڕەمزی شیعری، شاعیر دەقێکی وا دەخولقێنێ، لێ تێگەیشتن ئاسان نەبێت و پێویستی بە پاشخانێکی فیکری گەورە هەبێت.

دەربارەی زمان شیللی (Percy Bysshe Shelley 1792-1822) دەڵێ: (شاعیر پێوەندییەکی پتەوی بە زمانەوە هەیە هەر ئەو دەتوانێ زمان تازە بکاتەوە، وشەکان بوونەوەرێکی جیهانی شیعرن و شیعر بە زیندوویی دەهێڵنەوە)(٢٤). شاعیر و زمان تا ئاستی تێکەڵ بوون لێک نزیکن، شاعیر ناهێڵێ زمان بمرێ و هەردەم بەجۆشوخرۆشەوە بە دوای زیندووکردنەوە و ژیان بەبەرداکردنەوەی زمانە، وشە بەکار نەهاتووەکان و سواوەکانی ناو فەرهەنگەکان شاعیر بەجۆرێکی تر ڕوحیان بەبەردا دەکاتەوە، لەم ڕووەوە هەم وشەکان لە فەوتان ڕزگاریان دەبێت و هەم زمانەکەش گۆڕانێک و تەکانێک بە خۆیەوە دەبینێت، بەمەش دەڵێن سوڕی زمان.

بەڕای شیللی (شاعیرەکان کە یاسا داڕێژەرن، بناغەداری کۆمەڵن، داهێنەری مەدەنیەتن، خولقێنەری هونەرەکانی ژیانن، مامۆستای ڕاستەقینەن بۆ نزیک بوونەوە لە جوانی و ڕاستییەکان)(٢٥). بەڕای ئەو شاعیرەکان یاسا بۆ ژیان، یاسا بۆ زمان دادەڕێژن و بیر و بۆچوونەکانی شاعیر دەبێتە بنەما و بناغەی کۆمەڵگا و شتە جوانەکانی ژیان بەرچاو دەخەن، دەبن بەبیری پێشکەوتنخواز بۆ میللەت. دواتر شاعیر وەک مامۆستا ئاماژە بە جوانی و ڕاستییەکانی ژیان دەدەن و پێش چاوی دەخەن. (شاعیر، یان نووسەر لەڕێی ڕەخنەی ئەدەبییەوە بۆ دەستگرتنی بەرهەمی ئەدەبی و بیری هەوڵ دەدات، بۆ پیشاندانی ڕێگای بەرزکردنەوەی بەرهەمی نووسەران)(٢٦). دوا هەوڵی نووسەر و شاعیر دەبێتە سەرمەشق و چاوساغی نووسەرانی دوای خۆی بەوەی هەوڵ بۆ بەرەو پێشچوون و بیرفراوانی نووسەرانی دوای خۆی و خۆشکردنی ڕیگەی بەرزبوونەوەی بەرهەمی نووسەران.

جاری وا هەیە شاعیر بە جۆرێکی تر ئەرکی ڕەخنە جێبەجێ دەکات: (زۆر جار شاعیرەکان خۆیان دەبن بە ڕەخنەگر لەسەر شیعرەکانی خۆیان، بەتایبەتی شاعیرانی خاوەن ئەزموون، هەروەها شاعیران دەبن بە ڕەخنەگر لەسەر شیعری شاعیرانی تر)(٢٧). بەجێ گەیاندنی ئەو ئەرکە قورس و گرانە هەروا ئاسان نییە، دیارە باکگراوندێکی ڕۆشنبیری و ئەزموونێکی گەورەی پێویستە، بەڵام شاعیران لەم بوارە شارەزان، چونکە خۆیان لەناو هەمان بازنەدان، شتێکی نوێ نییە سەبارەت بەوان.

سەرەتای بەکارهێنانی ڕەخنە، یان وشەی ڕەخنە لای مەلای جزیری دەبینرێ و دەڵێ(٢٨):

**تێتن ژ نورێ وەک ڕەقیع**

**بێ عەیب و نەقص و ڕەخنەدا**

سەرتای هەستێکی تازە لە ئەدەبی کوردی سەری هەڵدا و شاعیران وەک توێژێکی چالاک دەردەکەون و پەیامی خۆیان دەگەیەنن، باسێکی نوێ دێتە ئاراوە، ئەویش باسی ڕەخنەیە.

دەشێ لەڕێی ئەدەب و نووسینەوە، یان شیعرەوە نووسەرێک دروست ببێ پەیامی بۆ کۆمەڵگاکەی هەبێ و بیێتەوە پردێک کۆمەڵگای لە نەزانی و تاریکی ڕزگار بکات، ئەو هەستە بەرزە لای ئەحمەدی خانی دروست

بووه، کاتێک دەبینین خانی ڕوو لەکۆمەڵگا دەکات و دەڵێ(٢٩):

**گەر دێ هەبویا مە ژی خودانەک**
**عالی کەرەمەک لەطیفە دانەک**
**عیلم و هونەر و کەمال و ئیذعان**
**شیعر و غەزەل و کیتاب و دیوان**

ڕێک نەکەوتن و نەبوونی وڵات و سەرکردە کاریان لە هەموو بوارەکانی ژیان کردووە و هەر ژێردەستەیی وای کردووە نووسەری گەورە و شاعیری گەورەشت هەبێت ناوی بزرە و ناناسرێ، بەواتایەکی تر ئەگەر خاوەنێکمان دەبوو لە کۆڕی شاعیر و نووسەران دەنگمان بەرزتر دەبوو.

کاتێک لای نالی ڕەخنە و شیعر ئاوێزانی یەکتر دەبن کۆشکە شیعرێک بەرەو ئاسمان سەردەکا و دەڵێ(٣٠):

**کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە**
**هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا**

شاعیر دێت بەزمانی خۆی شیعر دەنووسێ و ڕەخنەی لێ دەگیرێ، بەڵام نالی وەڵامی هەیە و دەڵێ شیعری من پڕ لە گەوهەر و دوڕن سەیری واتا و کۆدە شیعرییەکان بکەن ئاشکرا دیارە.

لەگەڵ گۆڕانی کات و شوێن شاعیر پتر هەستی کردووە ڕەخنە لە چوارچێوەی دەقی شیعری ئاسانتر چڕ دەکات و کۆمەڵگا وەڵامی شاعیر دەداتەوە، شاعیرانی نوێ لە ڕەخنەگرتن بەدەر نەبوونە. پەشێو لە شیعری (دەسەڵات) دا دەڵێ(٣١):

**قەڵەمەکەم چەکوچەو**
**هەرپەیڤێکم بزمار**
**ستەم لەهەر جێیەک بێ**
**دەیسمم وەک تەختەدار** (٢١٠)

لە هەر شوێنێک ستەم زۆر بێ، دەنگی شاعیر و دەنگی ئازاد کپە، بەڵام شاعیر دەڵێ: ناتوانم ستەم ببینم و بەشیعر ڕەخنەی لێ نەگرم و دژی نەوەستمەوە. بەردەوامی ڕەنگدانەوەی ڕەخنە لە شیعر ئەوە دەردەخا کە شاعیر ئۆقرەناگرێ و دەقی شیعری ئاراستەی خۆی و دەوروبەری و کۆمەڵگا دەکات.

پەشێو لە ئەزموونی خۆی بەم شێوەیە باسی بەشێک لە شیعرەکانی دەکات: (کە فرمیسک و زام لە چاپ درا هەر زوو هەستم بەوە کرد کە نەدەبوایە لە چاپ بدرێ، هەندێ شت کە بەگەنجی دەیکەیت، پاشان لێیان پەشیمان دەبیتەوە، بەڵام ئەمە بوو بە پەندێک و لەوساوە پەلە ناکەم)(٣٢). پەشێو باسی یەکەم ئەزموونی خۆی دەکات کاتێک یەکەم کۆمەڵە شیعری لەساڵی (١٩٦٧) بە ناوی (فرمێسک و زام) چاپ کرد، هەستی کردووە پەلەی تێداکردووە بەوەی شیعرەکانی سەرەتای نووسینی لە ئاست خەون و ئاواتی شاعیر نەبووە لەو کاتەی بڵاوی کردووەتەوە، ئەمەش شتێکی ئاساییە لای زۆر شاعیر هەستی پێ دەکرێ، ئەزموونی سەرەتا وەک ئەزموونی دواتر نییە، چونکە شاعیر ڕۆژ بەڕۆژ بیری نوێ و فیکری تازە دەدۆزێتەوە، ئەمڕۆی لە دوێنێ و سبەی لە ئەمڕۆ باشترە، بەم شێوەیە شاعیر پلەی شیعری خۆی بەرز دەکاتەوە، خاڵی گرینگتر ئەوەیە شاعیر نابێ پەلە بکات، دەبێ وەک پەیژە سەیری شیعر بکات، ناتوانێ بەیەک شیعر و کاتێکی کەم هەموو پلەکان ببڕێت، بەڵکو پێویستی بە کاتە ئەو کاتەش فەراهەم دەبێت بەو مەرجەی لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە خۆی لەگەڵ بەرەو پێش ببات.

پەشێو دەڵێ: (من گاگۆڵکەم فرمێسک و زام و بتی شکاو بوو، ئەگەر لەشتێکیان پەشیمان بم مەسەلەی زمانەکەیانە (زمان، زمان، زمان) هەندێ شت دەبوایە جوانتر بوایە)(٣٣). سەرەتای پێگرتنی پەشێو لەناو شیعردا دوو دیوانەکەی سەرەتایەتی (فرمێسک و زام ١٩٦٧) و (بتی شکاو ١٩٦٨) چاپکراون، هەڵبەت شاعیر لێیان پەشیمان نییە، بەڵام دەڵێ ئەگەر ڕەخنەیان لێ بگرم تەنیا مەسەلەی زمانەکەیانە، واتە لە ڕووی زمانەوە شاعیر بەرهەمی سەرەتای خۆی پێ باش نییە و پەلەی بڵاوکردنەوەی یەکێک لە هەڵەکانی ڕابوردوویەتی و بە ئاواتەوە دەڵێ دەبا هەندێک شتم لێ جوان و جوانتر کردبا.

شیعر نووسین لای هەندێ سنعەتکار و لای هەندێکی تر ئیلهامە. دەکرێ لە ڕوانگەی شیعرەکانی پەشێو بزانین چۆن شیعر دەنووسێت و لەم بارەیەوە دەڵێت: (قەت شیعرم بەپێی پلان نەنووسیوە، چۆن دێ ئاوایە، بەڵام کە شتەکم نووسی زۆر کار لەسەر زمانەکەی دەکەم، ئەگەر سەربردەی نووسینی هەندێ شیعرەکانم بگێڕمەوە پێتان سەیر دەبێت لەوانەیە (٥٠) جار نووسرابێتەوە، بەکورتی هەڵڕشتنی بیرۆکەکە چەند ساتێکە، بەڵام داڕشتنەکەی زۆری دەوێ)(٣٤).

شیعر لای پەشێو ئیلهامە، بەڵام لەتەک ئیلهامدا ماندوو بوونێکی زۆری شاعیری پێوە دیارە، کار لەگەڵ زمانەکەی دەکات و بەئاسانی نایە شیعر بڵاوبکاتەوە،

ئەمەش دیارە ماندووبوون و ئەزموونی باشی دەوێت.

**پەراوێزەکان:**


**١- شكري عـزيز الماضي(د)، في نظرية الادب، دار المؤسسـة العربية للدراسات والنشر- لبنان، ٢٠١٣، ص١٢.**

**٢- سـهـير القلمـاوي(د)، محـاضـرات في النقـد الادبي، دار المعرفة، القاهرة، ١٩٥٩، ص١٠.**

**٣- ئێم. ئێچ. ابرامز، فـرهنگ توصـيـفي إصطلاحات أدبي، سعيد سبزيان (ترجمة)، انتشـارات راهنمـا، تهران، ١٣٨٤، ص٦٦.**

**٤- عــبــدالحــسين زرين كــوب(د)، اشنايي با نقــد أدبي، انتشارات سخن، تهران، ١٣٨٧، ص٢١.**

**٥- رينيــه ويلک واوستن وارن، نظرية الادب، مــحي الدين صبحي، م: د.حسام الخطيب (ترجمة)، ط٣، المؤسسـة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٨٧، ص٩٩.**

**٦- عمر محمد طالب(د)، المذاهب النقدية (دراسة و تطبيق)، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٩٣، ص١٧٣.**

**٧- هيــمــداد حــوســێن(د)، دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی خانی - دهۆک، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧، ل١٦.**

**٨- السـيـد يسين، التـحليل الاجـتـمـاعي للادب، دار العين للنشر، ط٣، القاهرة، ٢٠٠٧، ص٨.**

**٩- مدخل الى مناهج النقد الادبي، تأ: مجموعة من الكتاب، د. رضوان ظاظا، م: د. المنصف الشنوفي (ترجمة)، سلسلة عالم المعرفة(٢٢١)، الكويت، ١٩٩٧، ص١٣٥.**

**١٠- حورية محمد حمو(د)، حركة النقد المسرحي في سوريا (١٩٦٧- ١٩٨٨) دراسة، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، ١٩٨٨، ص١٦٤.**

**١١- صـلاح فضل(د)، مناهج النقد المعاصر، ميريت للنشر والمعلومات، ط١، القاهرة، ٢٠٠٢، ص٣٧.**

**١٢- ئامـانج عوسـمـان حەمـەد، سـایکۆلۆژیەتی دەقی ئەدەبی، گۆڤاری ڕامان، ژ(٢٠)، ل٢٥.**

**١٣- عــمـر مــحــمـد طالب(د)، المذاهب النقـدية (دراسـة و تطبيق)، ص٨.**

**١٤- عــبــدالحــسين زرين كــوب(د)، اشنايي با نقــد ادبي، انتشارات سخن، تهران، ١٣٨٧، ص٤١.**

**١٥- رنه ولک واوستن وارن، نظرية ادبيـات، ترجـمـة: چيـاء مـوحد، پرويز مـهـاجـر، انتـشـارات علمى و فـرهنگى، تهـران، ١٣٨٢، ص٣.**

**١٦- ئامـانج عوسـمـان حەمـەد، سـایکۆلۆژیەتی دەقی ئەدەبی، ل٢٦.**

**١٧- جان بول سـارتر، مـا الادب؟، ترجـمـة: مـحـمـد غنيـمي هلال(د)، دار نهضة مصر للطبع والنشر، القاهرة، ص٥٣.**

**١٨- وليـام جى. گـريس، ادبيـات و بازتاب ان، ترجـمـة بهـروز عرب دفتري، ص٨٦.**

**١٩- شەعبـان شەعبـان ئەحمەد، کورتە پێناسەیەک بۆ جیهـانی فراوانی ڕەخنەی نوێ، گۆڤاری ڕامان، ژ(٥٠)، ل٧٢.**

**٢٠- سـيـروس شـيـسـمـا(د)، نقـد ادبى، انتـشـارات فـردوس، تهران، ١٣٨١، ص٢٣.**

**٢١- ڕابەر تەڵعەت، پێگەی عـەقڵ و سـەفـسـەتە لای عـەلی وەردی، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٥٤.**

**٢٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥.**

**٢٣- ڕۆلان بارت، چێژی دەق، وەرگێڕان: ئیسمـاعیل زارعی، چاپخانەی منارە- هەولێر، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٨١.**

**٢٤- هیــمــداد حــوسـێن(د)، دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، ل٦٠.**

**٢٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.**

**٢٦- عـەبدولمەجـید عـەبدولڕەحـمـان، ڕەخنەی ٣ هۆنراوەکـەی ژمـارەیەکی دەفـتـەری کوردەواری، گـۆڤـاری دەفـتـەری کـوردەواری، بەرگی سێیەم، چاپخانەی زەهرا، بەغدا، ١٩٧٠، ل٣٤٩.**

**٢٧- مـوحـسین ئاوارە، ڕەخنەی ئەدەبی کـوردی بەچ ئاقـارێک گـوزەر دەکـات، گـۆڤـاری نووسـەری نوێ، ژمـارە ٦٤، هەولێـر، ٢٠١٣، ل١٨.**

**٢٨- مـەلایێ جـزیری(دیوان)، توێژاندنا صـادق بەهاءالدین، چاپخـانەی کـۆڕی زانیـاری کـورد- بەغـدا، چاپا یەکێ، بەغـدا، ١٩٧٧، ل٧٨.**

**٢٩- ئەحـمـەدی خـانی، مـەم و زین، ئامـادەکـردن هەژاری مـوکریانی، چاپخانە ئەنسـتیـتـوی کوردی پاریس، چاپی یەکـەم، پاریس، ١٩٨٩، ل٢٥.**

**٣٠- مارف خەزنەدار، نالی (دیوان)، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٤٣.**

**٣١- عەبدوڵڵا پەشێو، هەسپم هەورە و ڕکێفم چیـا، شیـعر، چاپی سێیەم، کوردستان- هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢١٠.**

**٣٢- ئازاد عبـدولواحید، دیالۆگ، بەرگی سێـیەم، چاپخانەی شەهاب- هەولێر، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٣، ل٣٢٨.**

**٣٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٩.**

**٣٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٥.**